# ژنەکانی کلیمت، ڕاستەقینە و لەسەر کانڤاس

کین جۆنسۆنۆکت

لە ئینگلیزییەوە: شالاو عەبدوڵلا

لەنێو بە مشتومڕترین ئەو مژارانەی، کە (fin-de-sicle Vienna)ی بێزارکردبوو، تابلۆی پرسی ژن (Die Frauenfrage)ـە، وەک چۆن لەشارگەل، نەتەوەکانی ئەورووپا و باکووری ئەمریکا هەمان جێدەستیان هەبوو، ژنەکان ململانێی کۆمەڵگەی باوکسالارییان دەکرد، ئەو کۆمەڵگەیانەی ژنانیان بە شایەنی ئەو مافانە نەدەزانی، کە بەشێوەیەکی ئاسایی، پیاوان خوودانیان بوون.

هیواداریت کە "کلیمت و ژنانی چاخی زێڕینیی ڤیەنا، (١٩٠٠-١٩١٨)" لـە گەلەری نوو، بـە بەرفرەیی، قووڵیی و بوێرانـە ڕۆبچنە نێو ئەم سەرباسـە بەگرێ و ئاڵـۆزە. وەلێ لە کاتێکدا وتـاری لێکۆڵەران لە قەبەییـدان، تەنیـا کەتەلۆگێکـی (٣٢٠) پەڕیی ئـەم کارە دەکات، پێشـانگەکە لە خودیخۆیدا تەنیا بەشـێوەیەکی بەشەکیی و لابەلایی پەنجـە دەخاتـە سـەر وروژێنەرترین مژارەکانی پێوەسـت بە ژن و هونەری گوستاڤ کلیمت.

گوتراوە، یانزدە پۆرترێتی ئەندازە سروشتیی (life-size) لە چەقی پێشانگەکە سەرنجڕاکێشن بۆ تەماشاکردن و بە یاریدەی کەتەلۆگەکە، بیرکردنـەوە لەبارەیانەوە. بەشـێوەیەکی سروشـتیی لـە نێوانیاندا








Gustav Klimt - The Complete Works

بەناوبانگترین نیگاری کلێمت "پۆرترێتی ئادێل بلۆخ-باوەری یەکەم" (١٩٠٧)هەیە، کە لە سالّی (٢٠٠٦) بە (١٣٥)ملیۆن دۆلار فرۆشرا، لە سالّی پاردا، بەهۆی دەرچوونی فیلمی (Woman in Gold) پتر ناوبانگی دەرکرد، لە سالّی (٢٠٠٦) بەدواوە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە گەلەریی (نوو) پێشان دەدرێت.

هێشتا، پۆرترێتکێشان کاری سەرەکی کلێمت نەبوو. تایین لە بنەڕەتەوە ڕازنوێنێک بوو، کە بیچمە ئەفسانەییەکانی توێتوێ دەکرد، بۆ دیناوە (visions) ئەودنیاییەکانی ئایینگرژی بتپەرستیی. لە ماوەی ئەم هەرەتەی، کە پێشانگەکەی دەگرتەوە، بە نزیکەیی تەنیا یەک پۆرترێتی لە سالێکدا بەرهەم دەهێنا، گشتیان ژن بوون، تایین ڕێژەییانە بەلای بۆچوونێکی ستاندارردا دەشکێتەوە، کۆکردنەوەیەک لە نێوان نەریت و مۆدێرنیزم. لە پۆرترێتە سەرەکیەکانیدا، سەر (ڕووخسار) و بیچمەیلی سووبژێکتەکەی کەموزۆر بەشێوەیەکی ڕیالیزمیانەی نەریتیی دەکێشێت، لە کاتێکدا پۆشاکی جەستە و پاشخان بەشێوەیەکی ئازادانەتر لە شێوازدا کێشراون، کە یادگاریی ئێمپرێشیونیزم، سیمبولیزم و فاوڤیزمە.

لە کاتێکدا تابلۆکانی وێنەدانەوەی ژنی جوانپۆش، مۆدێرنەیە، کە سەر بە جیهانی شۆخیی، پۆشتەوپەرداغی و خۆشگوزەرانیین، هەروەها باندەستیان هەیە لە سەرنجڕاکێشکردن و ئەسیریکردنی (ئەثیریکردنی) سووبژێکتەکەیان. وەک مێژووناسی هونەر ژیل لیۆد (Jill Lloyd) باسی دەکات لە وتاری کەتەلۆگەکەیدا، ئەوان لە هەمانکاتدا ژنانی سەردەمی خۆیان و هێماگەلی کاتبەدەریی مێیایەتین (feminity)، لە هەمانکاتدا هاوچەرخ و دێرینن.

خاتوو لیۆد، جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی لەکاتێکدا هۆشقالّیی کلێمت بە ژنان لە سەرپاکی هونەرەکەیدا: "ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کەلّکەلّەیەکی کەسیی، هەروەها لەوانەیە کلێمت بابەتی ژنانی، وەک کلیلێک دانابێت بۆ مۆدێرنبوونی هونەرەکەی". پۆرترێتەکانی، وێ پێیوایە "بەرجەستەکاری ئاماژەگەلێکن بە "پرسی ژن"، کە دوورە لەوەی بە ڕاشکاویی و ڕاستەوخۆیی بخوێندرێنەوە" لە ژێر ڕۆشنایی

ئەو ڕێگەیانەی ژن وێنادەکرێت و نوێنەرایەتی دەکرێت لە کولتووری ڕەشـخەڵکی ئەمڕۆدا، ئەم هزرانە هەنووکە بایەخدارن هەروەک چۆن سەتەیەک بەر لە ئێستا بایەخداربوون.

پێشـانگەکە، کـە هەڵبژاردەیـەک لـە نیگارەکانی ژیانـی کلێمت و هەروەهـا ژمارەیەک پارچەی خشـڵ، بابەتی ڕازاندنـەوە و ڕایەخ لە خۆدەگرێـت، لەلایـەن ڤاینەر وێرکشـتات (Wiener Werkstätte) و هونەروانگەلێکـی وەک جۆزێف هۆفمـان (Josef Hoffmann) و کۆلۆمان مۆسـەر (Koloman Moser) دیزاینکـراون، زۆر ڕۆناچنە ژیانی کەسیی کلێمت. بەڵام کەتەلۆگەکە ڕۆدەچێتە نێوی. ئەو، وەک خانمە لیۆد باسـی دەکات: "مێبازێکی بەردەوام" بوو، ئەو هەرگیز هاوسەرگریی نەکردووە، بەڵام بڕوادەکرێت باوکی چواردە منداڵ بێت، لـە مۆدێلەکانـی و ئەوانیتریـش ژنانی چینی کرێـکار. هەروەها ئەو هاوڕێیەکی ژیان و متمانەپێکراوێکی هەبوو، ئەویش دیزاینەری پۆشاک و خاوەنکاری ژن ئیمیلیا فلۆگ (Emilie Flöge) بوو، بەڵام ئاسـا ئەوان گراوی یەکتر بوون؟ ئەوا وەڵام بەناڕوونی و ڕازاویی ماوەتەوە. ئایا کلێمت بەهۆی گرێی مادۆنا-سۆزانیی سیگمۆند فرۆید دەتلایەوە؟ ڕەنگە. بەهەمەحاڵ، پۆرترێتی ژنە ڕاسـتەقینەکانی بێ سۆ شایەنی پەسـندانن. بەداخـەوە، هیـچ یەکێک لـە نیـگارە ئیرۆتیکییەکانی لەبارەی مۆدێلەکانی، کە دەسپەڕ لێدەدەن، یان دووانەیەک لە کاتی سێکسکردندا کێشاونی، لە پێشانگەکەدا نین، بەبەراورد بەو تابلۆیە پۆرترێتییە بەناموسانەی لەوێدا هەن.

لە ئاسـتی کردەییدا، کلێمت وەبەرهێنانێکی بەرچاوی لە ژمارەیەکی کەمـی پۆرترێتەکانی بەدەسـتهێنا، چونکە بۆ داهاتی خۆی پشـتی دەبەسـت بە سـووبژێکتی پۆرترێتەکانی. لە وتاری کەتالۆگەکەیدا، ڕێکخـەری پێشـانگەکە، کلێمتنـاس تۆبیـاس ج. ناتـەر (Tobias G. Natter) ڕوونـی دەکاتـەوە؛ پاش ڕێچکەیەکی سـەرکەوتووانە، هەرچەند بە مشتومڕ، لە ژێر سایەی پاڵپشتی حکومەتی نەمسایی، کلێمت دەسـتی بەردا لە پاڵپشتی حکومەت و بووە یەکەم سەرۆکی جوودابیخوازانی (باڵی) هەڵگەڕاوەی ڤیەنا. ئەمەش کێشەیەکی هێنایە

پێش، هەرچۆنێک، چونکە ڤیەنا مامەڵەکاری سەربەخۆ و سیستێمی گەلەریی نەبوو، کە هونەروانان لە پاریس و لەندەن دەیانتوانی پشتی پێببەستن. لە بری بازاڕێکی وەتۆ، کلیمت پشتی دەبەست بە بازنەیەکی بچووک لە سەرمایەداران و پاڵپشتکارە تایبەتیەکان. ناتۆر دەنووسێت؛ "چەندی پتر بەدوای سەرەڕۆیی گەڕابایە و خۆی بەدوور گرتبا لە پاڵپشتی حکومەت، ئەوەندەش پێویستی پابەندیی کۆکەرەوە تایبەتییەکان و مشتەرییەکانی پتر دەبوو".

گرینگترین پاڵپشتیکاری کلیمت سزیرینا لیدەرەر (Szerena Lederer) بوو، سووبژێکتی یەکێک لە هەڵفریوێنەرترین پۆرترێتی پێشانگەکە. لە ساڵی (١٩٨٨) کێشراوە، تابلۆکە سووبژێکتە ٢٦ ساڵییەکەی، کە جلێکی سپی لەبەردایە بە ناسکیی، ورشەداریی دەکێشێت، لەپاڵ پاشخانێکی شەکریی پەڕیوو، کە بەشێوەیەکی برندە دژوازی پرچە قەترانییەکەی و نیشانە ڕوونەکانی ڕووخساریەتی. باندەستی تارمایی ئاسایە، وێ، لەپاڵ هاوسەرە پیشەسازییەکەی، ئۆگۆست لیدەرەر، لە کۆتاییدا بەشێکی زۆری کۆکراوەی کارەکانی کلیمت لەدەست دەستە تایبەتییەکان کۆدەکەنەوە.

کچی لیدەرەر، ئیلیزابێس، سووبژێکتی یەکێکی ترە لە پۆرترێتی ئەندازە سروشتیی، لەساڵانی (١٩١٤-١٩١٦) کێشراوە، پۆرترێتەکە، وێ بە سپی پێچراویی نیشاندەدات، نامۆییانە باریک بووەتەوە، پۆشاکێکی قۆزاغە ئاسا لەپاڵ پاشخانێکی شین، کە بە فیگەری کارتۆنی ئاسیایی ڕازێندراوەتەوە. هێشتا ئەندامێکی تری ماڵباتی لیدەرەر، خوارزای سزیرینا؛ ریا مونک (Ria Munk)، کە لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیی لە ساڵی (١٩١١) لە سوێی نشوستهێنانی لە خۆشەویستیی، خۆی کوشت، سووبژێکتی پۆرترێتێکی پاشمردنی کلیمتە، کە ناسراوە بە (سەماکار) (١٩١٦-١٩١٧). وێ، بە کراسێکی پنپنی پەمەیی ڕازێندراو نیشاندراوە، کە کراوەیە و سنگە ڕووت و چیچکەی مەمانی نیشاندەدات، لەپاڵ پاشخانێک لە گوڵ و فیگەرە ئاسیاییەکان.

ئەو پۆرترێتەی، کە بەباشترین شێوە ڕووحی مێینایەتیی مۆدێرن

دەگوازێتەوە، پۆرترێتی ژنێک نییە، بەڵکو پۆرترێتی کچێکی ٩ ساڵانە؛ مادا پریماڤیسی (Mäda Primavesi)، لە ساڵی (١٩١٢) کێشراوە، وێ، بە کراسێکی سپی، تا چۆکان درێژ نیشاندەدات، بەشێوەیەکی توند لەسەر پێیە ڕووەک ئاساکانی وەستاوە، دەستی لەسەر کەڵەکەی داناوە. کە بە گوزارشتێکی هێمن و ڕاشکاو لە تەماشاکار دەڕوانێتەوە. وێ، بەخۆداراپەرموونێک نیشاندەدا، کە بەزۆریی کیژۆڵان بەهرەدارن لێی. نیگارەکە دەتوانێت، وەک پۆستەرێک بێت بۆ ڕۆژی کیژان، کە لەم سێشەممەیە دایە.

پاش جەنگی دووەم جیهانیی، پریماڤیسی پەڕیوەی کەنەدا بوو، وێ لەوێندەرێ بووژانگەیەکی بۆ منداڵان دامەزراند. لەساڵی (١٩٨٧)، وێ کەوتبووە سەرباسی هەواڵەکان لەبەر فرۆشتنی پۆرترێتێکی وێ لەلایەن یوژینیا پریماڤیسی، کە کلێمت کێشا بووی، کە وا دادەنرا تابلۆی تایین بزر بووە. کاتێک مادا پریماڤیسی لە ساڵی (٢٠٠٠) کۆچی دوایی کرد، سەرنجێک لەسەر کەتەلۆگەکە دەڵێ: "دوا گەواهیدەرێک، کە کلێمتی لەبەرانبەر سێپاچکە بینیبێت، کۆچی دوایی کرد".

سەرچاوە:
https://www.nytimes.com/2016/10/14/arts/design/klimts-women-real-and-on-canvas.html